## کوژاندنەوەی یەکەم مۆمی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئەوروپا .. هەفتەنامەی پەیامی کورد ...

## نازەنین نوری عەزیز

### هۆڵەندا




لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیەی سەردەم وهەبوونی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت وئاسان کاری بەکارهێنانیان و بوونیان وەک هەموو کەرەستە هەمیشەیەکانی ناوماڵ، لەنێو دەزگاکان ونێو ماڵەکانداهەیە، ئەم ئامێرەوگرێ دراو بەتۆڕی نێودەوڵەتی وای لەمرۆڤەکان کردوەزۆر بەخێرای لەدەوروبەری خۆیان بەئاگابن لە و گەنجینە ڕۆشنبیری وکلتوری وپەروەردەی وسیاسی یە و. . . هتد کە لە شێوەی ماڵ پەڕی جیاوازجیاوازی پڕ لەزانیاری دەبینرێن لەشێوەی نووسراو و وێنە. لەگەڵ ئەوهەموو مەینەتی وکارەساتەی کەبەسەرگەلی کورداهاتووە هێشتا مرۆڤی کورد چاو لە دوا ڕۆژوئایندەی ئەووڵاتەن کەخەونی پێوەدەبینین کەسەربەخۆی کوردستانە وکاری بۆ دەکەن لەهەمووبوارەکاندا، بۆیەگەلی کوردیش لەم ئامێروپێشکەوتنەخێرایەی جیهان بێ بەش نیەودەست و پەنجەی کۆمەڵێک لە سەربازانی نەناسراوی تێکۆشەرولاوی کورد لەم بوارە خزمەت گوزاری و ڕۆشنبیریەدا دیارە، بەشەونخونی وهەوڵ وماندووبوونیان توانیویانە فۆنت وشێوەی نووسینی کوردی لەگەڵ ئەم ئامێرانە بگونجێنن و لەرێگای ماڵپەڕەجوان جوانەکانیانەوە ئاشنایان کردین بەکۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگی هەواڵ و ووتار وگەیاندنی ڕۆژنامەی ڕۆژانەو هەفتانە وگۆڤاروکتێب وسەرچاوەی بەنرخی کوردی، ئەم پێشکەوتنەوای لە خوێنەری کورد کردوە کە نەتوانێ وپێ ڕانەگات هەموویان بەسەربکاتەوە، وەناش کرێ هەندێکیان فەراموش بکرێن کەبوونەتەبەشێک لەنێوماڵەکوردیەکان وەک ماڵپەڕی کوردستان نێت ورۆژانە بێ سەردان کردنی تینوێتی خوێندنەوەمان ناشکێنن و وائەزانین شتێکمان لێ وون بووە، نەخوازەلەکاتی خۆیدابابەتەکانی بڵاونەکاتەوەویان کەم تەرخەمی یان پێوە دیاربێ ئەوکاتە بێزاریەک دەرئەبرین لەشێوەی خۆش ویستنمان لە ئازیزانمان،

بیری ئازاد و قەڵەمی ڕەخنەگران ودەست لەسەرکێشەکانی خەڵکی کوردوبارودۆخ وگوزەرانی لە هەموو بوارە کانی ژیان ومێژووی ڕابردووی و ژیانی ئێستای، چەندان سەکۆی ئازادوبێ لایەنیان گەرەکەلەهەموو بەشە جیا جیاکانی میدیا کانی کوردی، بۆیە لەگەڵ زۆری ماڵپەڕەکان وئەوشۆڕشە گەورە ڕۆشنبیریەی کوردستان لە بڵاوکراوەکانی هێشتا قەڵەمەکان ودەنگەکان بواریان بۆ نەڕەخساوە، ئەسپی خۆیان تاودەن ولەوگۆڕەپانەدا هەوای ئازادی بیروڕاکانیان هەڵمژن. بۆیەدەکرێ بڵێین ساڵێک بەرلەئێستاولەمانگێکی وەکوئەم مانگە داو لە ئەیلولی ساڵی 2004 دا بەهەوڵ وکۆششێکی چەند کوردێکی دڵسۆز و تێکۆشەری پێشمەرگە ئاسای ناوچیاکان و بێ نیازوخۆش ویستن بۆخزمەت کردن بەووشەی پیرۆزی کوردی ورۆشنبیریەت کردنی مرۆڤی کورد هەفتە نامەی پەیامی کورد لە دایک بوو، وەک ڕۆژنامەیەکی کوردی کە بۆ یەکەم جارە لە سەرتاسەری ئەوروپا لە کتێبخانەکانی

ناووێسگە سەرەکیەکانی شەمەندەفەربەهاوشانی ڕۆژنامەوگۆڤارەبیانیەکان بیان کرێ لە سەرا نسەری ئەوروپا دا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی گەورەوگرانی ڕۆشنبیریەتی کوردیەودڵسۆزان و هاوکارانی لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دا ئەوشەرەفە گەورەیەیان بەخۆیان بری، چونکە بەڕاستی پەیامە بۆ کوردویەک بوونی کورد لەتاراوگە، کە ناوەڕۆکەکەی دەی سەلمێنێ، جگەلە باس کردنی بابەتەکانی کەبەسێ زاراوەی کرمانجی وسۆرانی وزازایی بڵاودەبێتەوە، کەسەلماندنێکەبۆ لەیەک گەیشتن ونزیک بوونەوەی مرۆڤی کوردە.

دەش کرێ بڵێین ڕەنگە زۆر کەم وکوڕی لە دابەش کردن وبڵاوکر دنەوەیدا هەبێت وبەکەمی دەست خوێنەران و شەیدایانی بکەوێ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دوژمنانی کورد و کوردستان وچاوهەڵ نەهاتنیان بەدەنگێکی نوێ ی کورد لە تاراوگە، ئێمە لە وڵاتی هۆڵەندا لە کتێبخانەکانیAKO لە وێسگە سەرەکیەکانی شەمەندەفەر دەیان کڕین.

ئەوەندەماوە بڵێین سڵاو لەوکەسە دڵ پاک وبێ گەردانەی بیری نوێ وسەکۆی ئازادیان خستە سەرخەرمانی ڕۆژنامەگەری کوردی وبڕ بەدڵ دەست خۆشی گەرمتان لێ ئەکەم، یەکە بەیەکەتان دەستەی نووسەرانی هەفتەنامە خۆشەویستەکەی تاراوگەمان وهەموو هاوکارانی، لێرەشەوە بەفرسەتی ئەزانم پیرۆزبای لە هاوسەرەکەم ساسان دەروێش و هەموو برادەران بکەم بەتایبەتی هەڵکەوت زاهیر بۆ ئەو چەپکە نێرگزی

نۆ بەرەی کوردستانەم پەیامی کورد، پەیامی کورد چەند ڕازاوە و پڕبایەخ وبەسوود بوولەماوەی ساڵی ڕابردووهێندەی ئەوە بایەخ دار نەبووکەناوی پەیامی کوردبووکە دەربڕی پەیامی ڕاستی نووسەران بوو لە تاراوگەوە.

دەبا هەموو پێکەوە پەیامی کورد بکەینە هەوارگەیەک بۆهەموان وبالێ ی گەڕێن، کێ ئەسپی خزمەت تاوئەدات لەپێناوی سەرخستنی ووشەی پیرۆزی ڕەسەنی کوردی دا، دەخیلە جڵەوی لێ مەگرن بەدڵنیایەوە ئەڵێم هەرگیز ناگلێ.